


# بڕیارێکی هەڵە لە شەوی بە زاوابووندا

لەناوەوەی هۆڵی دادگادا، دەستەی دادگا خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە دۆسییەی خۆ کوشتنی (هەڵگورد)ی تەمەن (٣٠) ساڵە بۆ زانین یا گەیشتن بە حەقیقەتی خۆکوشتنی ئەو گەنجە لە شەوێکی وەك یەکەم شەوی بە زاوابووندا، دەرەوەی هۆڵی دادگاش جمەی دەهات لە کەسوکاری (هەڵگورد) و کەسوکاری (تاڤگە)ی خێزانی (هەڵگورد) و بە نیگەرانی و دڵەراوکێیەوە چاوەڕێی بڕیاری دادگایان دەکرد. جارجارە باوکی (تاڤگە) بە کەسوکارەکەی دەگوت، بە خودا ئەگەر تاڤگەی کچمان شتێکی کردبایە ئێستا لەمێژبوو دادگا دەیگوت ئەوە بکوژی مێردەکەیەتی و ئەوەش بڕیاری سزادانی، بەڵام وەکو رۆژی رووناك دڵنیام کچە بەستەزمانەکەمان چ گوناهێکی نییە و هیچی نەکردووە.

ئەمان لەلایەك دڵی خۆیان دەدایەوە، کەسوکاری (هەڵگورد)یش لەولاوە دەیانگوت، باشە ئەو شەوە تەنیا ئەوان بەیەکەوە بوونە، ئاخر ئەگەر شتێك نەبوبێت کوڕەکەمان کە تازە عومریەتی چۆن چۆنی دەستی دەچێتە گیانی خۆی و بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانە ئارامەکەی خۆی دەهێنێ، لەو قسانەدا بوون (ئامینە) خانی دایکی (هەڵگورد) بە هەنسکی گریانەوە رووی لە حەشاماتەکەی خۆیان کرد و گوتی: وەی چاوی دایکت کوێر بێ رۆڵە ئاخر بۆ بێ سووچ و گوناە خرایتە ژێر گڵ، خۆ چ تاوانێکت نەکردبوو، چ زەرەری کەست نەبوو، بەخوا چۆن دەزانم خوا بە هەقە ئەوهاش دەزانم ئەو کچەتیوە دەستی تێدایە و بەهەر جۆرێك بێت شتێکی لە بن سەردابووە. ئەو خەریك بوو درێژە بەو قسانە بدات کە (تەها)ی مێردی و (تەحسین)ی کوڕی پێیان بڕییەوە و گوتیان: بەسە ئەو قسانە ئەوەندە مەڵێوە کێ دەڵێ ئەو کچە دەستی لەو کارەدا هەبووە؟ تا بەڵگەیەك پەیدا نەبێ تا دادگا بڕیار نەدا بە هەبوونی پەیوەندی ئەو کچە هەر بێ گوناە دەمێنێتەوە، سەبر بگرە با کەس لەو ناوە بەو ئاگرە نەسووتێ و لە هیچ و خۆڕایش تووشی کێشە نەبین.. ئەوان لەو قسانەدابوون کە رێپێدراوی پۆلیسی دادگا بانگی (تەها)ی باوکی (هەڵگورد)ی کرد، پاش ئەوەی ناسنامەکەیان لێوەرگرت و هەندێ پرسیاریان لێکرد ئینجا گوتەیان وەرگرت و دادگا داوای لێکرد بەشێوەیەکی پوخت رووداوەکە بگێڕێتەوە کە چۆن بووە، ئەویش گوتی: وەڵڵا جەنابی حاکم ئێمە ئاگامان لە شێوە و چۆنییەتی خۆکوشتنەکەی نەبووە و نییە، ئەوەندە هەیە دەوری کاتژمێر (١٢)ی شەو بوو، کە تەلەفۆنمان بۆ کراو گوتیان لە فلانە هوتێلەوە تەلەفۆنتان بۆ دەکەین و وەرن رووداوێکی خۆکوشتن روویداوە، ئێمەش چووین لەوێ زانیمان کە (هەڵگورد)ی کوڕمان گوایە لەناو گەرماوی ئەو ژوورەی کە لە هوتێل بە کرێیان گرتبوو گوللەیەکی لەسەری خۆی داوە و خۆی کوشتووە، وەختێك چووینە ژوورەکەیان وابوو گوللەیەك بەلاجانگی کەوتبوو، رووبەری گەرماوەکەش هەمووی خوێن بوو، بووکەکەشمان بە جلی خەوتن بوو لەسەر کورسییەك دانیشتبوو دەگریا و جارجارەش لە خۆی دەدا و خۆی دەڕنییەوە.. پاش تەواوبوونی قسەکانی ئەو، بانگی دایکی (هەڵگورد) کرا ئەویش بە هەموان شێوە قسەی خۆی کرد کە شتێکی وای لە هی مێردەکەی جیاواز نەبوو. ئینجا دوای خوێندنەوەی راپۆرتی پزیشکی دادوەری، ئینجا دادگا داوای لە پزیشکی دادوەری پسپۆر کرد کە بیروبۆچوون و شارەزایی پزیشکی خۆی لەمەڕ چۆنییەتی مردنی (هەڵگورد) روون بکاتەوە، ئەوە بوو ئەویش بەم شێوەیە وەسفی مردنەکەی یا خۆکوشتنەکەی کرد و گوتی: ئەو کوژراوە گوللەیەکی لە

مێشـــکی دراوە و پرژاوە و یەکســـەر مردووە، برینەکەی گەورە و کاریگەر بووە و ئەو جێیەی کە گوللەکەشـــی پێکەوتووە هەر کاریگەر و هەســـتیار و گرنگ بووە کە مێشـــکە. کابرا هیچ شـــوێنەوارێکی وەهای لەسەر جەستەدا نەبووە نیشانی بدات توندوتیژی لە بەرامبەردا بەکارهاتبێت،یا لە پشـــتەوەڕا لێی درابێت، یا هەر شـــتێکی تر کە نیشانی بدات مردبێ بە مادەیەکی ژەهـــراوی ئینجا کوژرا بێت. بۆیە ئەو کەســـە بەخۆی خۆی کوشتووە.. دوای تەواوبوونی وتەکانی پزیشکە شارەزاکە هەموو ئەو نووســـراو و لێکۆڵینەوانـــەی کە کرابوون دەریانخست کەوا (هەڵگورد) بەخۆی خۆی کوشـــتبێت. ئینجا نۆرەی (تاقگە) هات کە قسەی خۆی بکات و رووداوەکە و هۆیەکەی بگێڕێتـــەوە. (تاقگە) نزیکـــەی دە رۆژێك لە بەندیخانـــە لە ژێر لێکۆڵینـــەوەدا مابۆوە و بەدەســـتەبەری ئازاد کرابـــوو، بۆ ئەم، ئەو رۆژە زۆر گرنگ بوو، چونکە پێشـــتر هەتا بە شـــێوەیەکی کاتی ئازاد کرابـــوو چەندین جار لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرابوو، پاشـــانیش هـــەر کاتێك دادگا پێویســـتی پێی هەبووبێ چ جار پێیـــان راگەیاندبوو کە ئامادە بێت ئەویش ئامادەی لێکۆڵینـــەوەکان دەبوو، ئیتر دانیشـــتنی ئەمجـــارەی دادگاییکردنەکەی وەکو پارێزەرەکەشـــی گوتبووی، دوا دانیشتن دەبێـــت و بـــە دەرکردنی بریـــاری کۆتایی لەسەر کێشەکە دەبڕێتەوە. بۆیە چڕکردنەوەی قسەکانی و ئاشکرا کردنی هۆی راستەقینەی خۆکوشـــتنەکە، زۆر پێویست و گرنگ بوو.. جا کە دادگا رێگەی دا قسەی خۆی بکات، (تاقگە) بەمشـــێوەیە رووداوەکەی باس کرد و گوتی: کە (هەڵگـــورد) داخوازیکردم دوای شـــەش مانگان ئینجا بڕیاریدا بمگوازێتەوە، لە ماوەی ئەو شـــەش مانگەدا چەند جارێك دەیویست شتێکم پێ بڵێت، بەڵام کە دەیویست بیڵێ و بەســـەر زاری دابێت یەکسەر پەشیمان دەبـــۆوە و نکۆڵی لـــە گوتنەکـــەی دەکرد، ســـەرم ســـوڕمابوو، بۆچی ئەوەندە دوو دڵ بوو لە گوتنی شـــتێك و لە هەمان کاتیشـــدا ئەوەندە بە بایەخ بوو لای. جار جارە دەیگوت کێشەکەم حاڵەتێکی تەندروستییە و چوومەتە لای پزیشـــك ئەگەر چاك بوومەوە، پێت دەڵێم چییە، منیـــش هەندێجار زۆر نیگەران دەبووم و دەمگووت: دەبێ نەخۆشـــی شـــێرپەنجەی نەبووبێت، بـــەڵام جارێکیان بەخۆی باســـی کرد و گوتی: حاڵەتە تەندروســـتییەکەم زۆر ترســـناك نییە بۆ نموونـــە وا لێك نەدەیتەوە و بڵێی لەوانەیە شێرپەنجەی هەبێت، حاڵەتەکەم دەروونییـــە و چـــاك دەبێتـــەوە. بەهەر حاڵ هـــەر نەیگوت کە زانیم وەدرەنگ خســـتنی رێورەسمی ژن گواستنەوەکەش هەر پەیوەندی بەم شـــتەوە هەیە، بەراستی زۆر قەهری بەو کێشەیە دەخوارد. بە خۆی کارمەندی پۆلیس بوو، کەسێکی هێمن و رەفتار لەسەرەخۆ بوو. بـــەڵام زۆر بێ زەوق و ســـەلیقەش بوو، بێ زەوقییەکەی لەوەدابوو، گاڵتە و گەپی هێندە نەدەکـــرد و گەنجێتی نەدەکـــرد، بەڵام زیانی بـــۆ کەس نەبـــوو، زۆرم پێ خـــۆش بوو کە کەسایەتییەکی هێمنی هەیە، بەڵام لە ماوەی ئەو شـــەش مانگەی دەزگیرانیماندا هەستم نەدەکرد کە دەستگیرانمە، بەڵکو دوو هاوڕێی ئاســـایین. دواجار بڕیار لەســـەر دیاریکردنی رۆژی ئاهەنگـــی گواســـتنەوەکە درا، ئیتر رۆژەکە دەستکرا بەخۆشی و شایی و زەماوەند و ئاهەنگگێڕان تا نزیکی شـــەو، پاشان وەکو رێکخرابوو ژوورێکیان بۆ گرتبووین لە هوتێلێك، دوای نانخـــواردن چووینە ئەو ژوورەی کە بۆ پشـــوودانمان دانرابوو، جلوبەرگی ئاهەنگمان گـــۆڕی و جلوبەرگی خەوتنمـــان لەبەرکرد، نزیکەی کاتژمێرێك دانیشتین قسەمان دەکرد، دەیویســـت شتێك بڵێ بەڵام نەیدەگوت، پاشان وازی هێنا لە گوتنی شـــتەکە وەکو زاوایەك لێم هاتـــە پێشـــەوە، پاش چەنـــد خولەکێك زانیم کێشـــەکەی چییە، کێشەکەی ئەوە بوو نەیدەتوانـــی بە زاوا بێـــت و زۆرمان هەوڵدا بێ ســـوود بوو، رەنـــگ و رووی بەتەواوەتی تێکچوو. کاتێك زانی کاتژمێر یانزە و نیو لای داوە و ئێمەش هەر خەریکی ئەو کێشەیەین، من زۆرم هەوڵ لەگەڵیدا کە شـــتێکی ئەوتۆ نییە دەتوانرێ لای پزیشك چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەو دڵنیا نەدەبوو، ئارام نەدەبۆوە، کە شتەکەی ئاشـــکرا بوو زۆر زۆر بەسەرخۆیدا شکابۆوە و دەیگوت: ئـــەوە تۆ رازی بوویت بەم وەزعەی ئێستای من ئەی کەســـوکاری هەردوولا چ دەڵێن؟ ناپرســـن کە بۆچی بە زاوا نەبوویمە؟ پاش ماوەیەکی تر نالێن ئەی بۆ سکت نییە؟ بە کورتـــی لە گفتوگۆش بـــێ ئومێد بوو، گوتی: تەنیا یەك چارەسەر هەیە لەم گرفتە رزگارم بکات کە تێیکەوتوومە و لە خۆڕایش خۆم تووش کرد، گوتم چییە؟ گوتی: بەخۆم دەزانم. تۆ واز بێنە ئەمشەو بخەوە بەیانی خوا کەریمە، منیش چیدی گفتوگۆم لەسەر ئەو مەســـەلەیە لەگەڵ نەکرد گوتم: با هەست بە فشار نەکات و بە ئارەزووی خۆی بێت، لەسەر سیسەمەکە پاڵ کەوتم و هەر ئەوەندەم پێگوت: هەڵگورد ئەو کێشەیە لای من هیچ بایەخێکی نییە کـــە تۆ وا گەورەت کـــردووە. چ رێگە چارەیەکیـــش بە باش دەزانی من لەگەڵتم بەو مەرجەی شیرازەی هاوسەرێتیمان تێکنەچێ، کە ئەو قســـەیەم کرد چاوی پـــڕ گریان بوو رۆیشتە گەرماوەکە، پێم گوت: تۆزێك پشوو دەدەم و سەرخەوێك دەشکێنم تۆش وەرە بۆخۆت پاڵکەوە بخەوە، گوتی: تۆ بۆخۆت بخەوە من دوایی دێـــم، جارێ خۆم دەشـــۆم، ئیتر من نەمزانی کەی و چەند و چۆن خەوم لێکەوت، تەنیـــا ئەوەندەم لەبیرە بـــە دەنگی تەقەیەکی بەهێز راچەنیم و وەکو شـــێتان قیت بوومەوە، چـــاوم گێڕا بەملاوبەولا گوتـــم: خودایە ئەو تەقەیە چی بوو کە سەیری لای تەنیشت خۆم کرد، بەو ئومێدەی (هەڵگورد) هەڵسێنم و بڵێم هەســـتە ئەو تەقەیە چی بوو، کەچی لەسەر سیســـەمەکە نەبوو، ئەوە بوو یەکسەر ترسێك لە ناو دڵم دروســـتبوو، سەیری کاتژمێرم کرد دەوری دوانزە بوو، واتـــە نیو کاتژمێرێك بوو چاوم چوو بووە خـــەو. رامکردە گەرماوەکە، دیتـــم گۆمە خوێنێکی گەورە کۆبۆتەوە زانیم کار لە کار ترازاوە.

جەنابی حاکم هۆی خۆکوشتنی (هەڵگورد) ئەوەبوو، ئەگەر شـــتێکی تری نەبووبێت، ئەو قســـانەم لـــە لێکۆڵینەوەکانی تـــر نەگوتبوو چونکە پێم شـــەرم بوو، بـــەڵام بۆ ئەوەی من لە هیچ و خۆڕایی تاوانبار نەکرێم بە تاوانێك کە نەکردووە و نە دەشـــیکەم، ئەو دەرۆژش کە گیرام بە خوا بە خۆڕایی بوو، بەڵام مادام بۆ دەرخستنی راستی بووە قەیدیناکا سوێم لێ نییە، ئەوە وتەکانمە و لـــەوەش زیاتر هیچی ترم نییە.

### کۆتایی هاتن بە کێشەکە

لێکۆڵینـــەوەی دادگا لـــە هەمـــوو ئەو بەڵگانـــەی کە لەبەر دەســـت دابوون، پتر لە دوو کاتژمێری تری خایاند، بەڵام بۆ دواجار گەیشتنە دەرەنجامێکی کۆتایی دڵنیاکەرەوە و حوکمیاندا بـــەوەی لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر تاوانبارێتی (تاقگە) لە کێشەی خۆکوشـــتنی (هەڵگورد) دا، دادگا بڕیاری ئازادکردنی دا و کێشەکە کۆتایی پێهات.

کـــە هاتە دەرەوە دایـــك و باوکی ماچیان کرد و خەزووریشی لێی چووە پێشەوە ماچی کرد و گوتـــی: کچم لە هەر قســـەیەك کە پێشتر کردبوومان بمانبوورە، بەمجۆرە کێشەی خۆ کوشـــتنی (هەڵگـــورد) برایەوە و دادگا قەناعەتـــی تەواوی بووە هـــات کە (تاقگە) هیچ دەستێکی تێدا نەبووە.

**هیچ گرفتێک نییە چارەسەری نەبێت، گرنگ ئەوەیە چۆن بۆ چارەسەری هەنگاو دەنێین و رێگەی هەڵە ناگرینە بەر، چونکە بڕیاری هەڵە جگە لە تۆخکردنی کێشەکان هیچ سوودێکی دیکە ناگەیەنێ لێکۆڵینەوەکانی دادگا**

# کاتێک چاوت بە خۆشەویستی پێشوو دەکەوێت، هەست بە چی دەکەیت؟

***زۆرن ئەوانەی خۆشەویستیان کردووە و دواتر لەبەر هەر هۆیەك بێت لەیەکتر دابڕاون و بەیەك نەگەیشتوون، دەڵێن خۆشەویستی لەیاد ناکرێت، بۆیە دوای دابڕان ئەگەر لەناکاو یان بە ڕێکەوت بۆ یەکەم جار چاوت بەو کەسە کەوت کە خۆشەویستت بووە هەست بە چی دەکەیت و کاردانەوەت چی دەبێت؟ بۆزانینی ئەو هەستە تایبەتییە لێرەدا چەند کەسێکمان دواند، بۆ ئەوەی بزانین هەستیان چۆنە لەیەکەم دیتنی خۆشەویستەکەیان دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوانیان.***

ئا: هێمن قەسرەیی

(فریشتە) لەلای سێ کچی هاوڕێی خۆی دانیشتبوو، دیاربوو ئەو پرسیارە لای ئەو نامۆ نەبوو، چونکە خۆی ئەوەی بەسەر هاتبوو، فریشتە گوتی"پێشتر کوڕێکم خۆشدەویست، خۆشەویستترین کەس بوو لای من، ئەو یەکەم کەس بوو کە خۆشمویستبێت لەژیانمدا و پێش ئەو خۆشەویستیم نەکردبوو، لەبەر هۆیەکی تایبەت خۆشەویستیمان بە دابڕان کۆتایی هات، چەند جارێك دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوانمان چاوم پێی کەوتووە، نازانم بڵێم هەست بە چی دەکەم، ئێستا من خۆشم ناوێت و رقیشم لێی نابێتەوە، بەڵام هەر کاتێك بیبینم هەوڵ ئەدەم ئەو شوێنە بەجێبهێڵم و قەت بیر لەوە ناکەمەوە قسەی لەگەڵ بکەم، ئێستا بیری لێناکەمەوە، بەڵام هەر کاتێك دەیبینم هەستێکی سەیر دامدەپۆشێت". (سۆز)یش هاوڕێی (فریشتە)یە ویستی ڕای خۆی دەربڕێت، ئەو گوتی: من خۆشەویستیم نەکردووە، بەڵام ئەگەر ئەو دیمەنە دەهێنمە پێش چاوی خۆم، خۆشەویستنی کەسێك دواتر دابڕان و دوای ئەوە بینینی من ناتوانم پێشبینی هەستی خۆم بکەم لەو کاتەدا حەز دەکەم قەت ئەو ڕۆژە نەبینم لەخۆشەویستەکەم دابڕێم دواتر بیبینم".

**کوڕێک: هەستم دەکرد دڵم خێراتر لێدەدات، ئێستاش خۆشەویستی لە ناو دڵم ماوە و کۆتایی نایەت**

لای (ئازاد) ئەوە شتێکی ئاساییە کە ئەو کەسەی پێشتر خۆشیویستووە بیبینێت یان نا ئەویش هۆی خۆی هەیە، ئازاد دەڵێت" گەر من کچێکم خۆشبووێت دواتر بیبینم ئەوە شتێکی ئاساییە و هەستێکی وام لا دروست نابێت، ئەمەش هۆی خۆی هەیە من بۆ ماوەیەکی کەم کچێکم خۆشویست و دواتر بەبێ هیچ هۆیەك منی بەجێهێشت و پەیوەندییەکەی کۆتایی پێ هێنا بۆیە دەیان جار ئەوم بینیوە و هەستێکی وام لا دروست نەبووە لەبەر ئەوەی دابڕانەکە بەهۆی خۆیەوە بوو، بۆیە منیش ئەوم لەیاد نەماوە و بیری لێناکەمەوە". (پشتیوان) گەنجێکی ترە خۆشەویستی کردووە و ماوەیەك پێش ئێستا پەیوەندییەکەیان پچڕا، دوای ئەوە پشتیوان لە ئاهەنگێکدا کچەکە دەبینێت، بابزانین ئەو لەو کاتەدا هەستی بە چی کرد" هەستم دەکرد دڵم خێراتر لێدەدات، ئێستاش خۆشەویستی ئەو لەناو دڵی من هەر ماوە و کۆتایی پێ نەهاتووە و قەت کۆتایی نایەت، ئەو کچە یەکەم خۆشەویستی من بوو، ئەو فێری خۆشەویستی کردم، قەت ناتوانم لەیادی بکەم، دابڕانیشمان نە تاوانی من بوو نە هی ئەو، کاتێك لەئاهەنگێکدا بینیم هەموو یادگارییەکانی ڕۆژانی خۆشەویستیم هاتنە پێش چاو". (هەتاو)یش دەربارەی ئەم بابەتە گوتی"ناتوانم ئەو هەستە پێناسە بکەم چونکە زۆر تایبەتە، چەند جارێك خۆشەویستی پێشووم بینیوە کە کەسم هێندەی ئەو خۆشنەویستووە، وەك گوتم ناتوانم ئەو هەستە پێناسە بکەم و ناتوانم بڵێم چۆنە، تەنیا سەیری چاوەکانی دەکەم و بەهەمان شێوە ئەویش بە بێدەنگی سەیرم دەکات، وەك ئەوەی بە بێدەنگی و تەنها بە تەماشاکردن یادی ڕۆژانی رابردوو ئەکەینەوە".

(هونەر) پێشتر کچێکی خۆشدەویست کە هاوپۆلی خۆی بوو، بەڵام پەیوەندییەکەیان سەرکەوتوو نەبوو، هەموو ڕۆژێك لەقوتابخانە خۆشەویستی پێشووی خۆی دەبینی، لێمان پرسی کە دەتبینی هەستت بە چی دەکرد؟ هونەر بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە "پێش ئەوەی ئەو کچەم خۆشبووێت جیاوازی نەبوو لەگەڵ کچەکانی تر، کاتێك بووە خۆشەویستم، حەزم دەکرد هەموو کاتێك بیبینم، دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوانمان هەرچەند دەکەم ناتوانم لەبیری بکەم، لەقوتابخانە ڕۆژانە دەمبینی نەمئەتوانی قسەی لەگەڵ بکەم تەنیا تەماشام دەکرد، هەموو ساتێك کە ئەیبینم هەست بە دڵخۆشیەکی زۆر



> کچێک:
> هەر کاتێک
> کە دەیبینم
> هەستێکی
> هەوڵدەدەم
> ئەو شوێنە
> بەجێهێڵم

دەکەم". (سنوور)یش بەم شێوەیە قسەی کرد" هەستم بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر کرد کاتێك بۆ یەکەم جار دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوانمان چاوم پێی کەوت، نازانم ئەو دڵەراوکێیە زۆرە چی بوو، ئەویشم وا دەهاتە بەر چاو کە هەستێکی تایبەتی لا دروست بووە، تۆ ماوەیەکی زۆر کەسێکت خۆشبوویت و دواتر لەیەکتر دابڕێن بێگومان کاتێك ئەیبینی هەستێکی تایبەتت لا دروست دەبێت". لەکۆتاییدا (هاوکار) گوتی" پێم وایە دوو جۆر هەست دروست دەبێت، یەکەمیان ئەگەر لێکجیابوونەوەی کوڕ و کچەکە بە بێ ویستی خۆیان بووبێت ئەوا حەزدەکەن یەکتر ببینن و هەستێکی خۆشیان لا دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر یەکێك لەوانە هۆکاری شکستهێنانی پەیوەندییەکە بێت ئەوا هەستکردنەکە بەجۆرێکی تر دەبێت، من خۆم کچێکم خۆشدەویست دراوسێمانە، دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوانمان کە دەمبینی هەستم بە خۆشییەکی زۆر دەکرد لەبەر ئەوەی یادگاری خۆشمان بەیەکەوە هەبوو، بەڵام زۆربەی رۆژەکان دەمبینی و بەرە بەرە ئەو هەستە نەما و ئێستا جیاوازی نییە لەگەڵ کەسێکی ئاسایی، پێم وایە ئەگەر دراوسێمان نەبووایە لەوانەیە هەستم بە شتێکی تر کردبا.

